# هەڵبژاردن و " حکومەتی دیموکراسی ئیسلامی " !

## بەختیار سامی

بەپێچەوانەی ئەو بۆچون و لێکدانەوانەی کە پێیان وایە لەسایەی هەوڵەکانی ستراتیجی ساسی و ئابووری ، ئەمریکا دەوێت حکومەتێکی علمانی و دیموکراتی دامەزرێنێت . هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقیش بەهەنگاوێکی گەورە دەزانن بۆ دەمەزراندنی ئەو حکومەتە علمانی و دیموکراتیی‌یە .

پرۆسەی دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا لەعێراق لەماوەی ڕابردوودا ئەوەی سەلماندوە کە حکومەتی داهاتووی عێراق بەهەڵبژاردن بێت یان بێ هەڵبژاردن ، لەخزمەت بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئیمپریالیستی جیهانی دەبێت کە خەریکە لەشێوازێکی تازەدا خۆی پێناسە دەکاتەوە .

ناوەڕۆکی سیاسەتەکانی ئەمریکا نەك بۆ خەڵکی عێراق ئاشکرا بووە بەڵکو تەنانەت ئەو هێزە سیاسیانەی کە لایەنگر و حەڵقە لەگوێی ئەمریکا بوون لەوە حاڵی بووەنە کە سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەی کێشەی ئابووری و کۆمەڵاتیەکان و دابین کردنی ئاسایش بۆ خەڵکی عێراق بە بنبەست گەیشتووە .

ڕاستە ئەمریکا توانی لەماوەیەکی کەمدا ڕژێمی بەعس بڕۆخێنێ ، بەلام کەچی دوای زیاتر لەیەك ساڵ و نیوو نەیتوانی لەجێگەکەی شێوازێکی شیاوتری ئیدارەی و سیاسی و کۆمەڵاتی لەعێراقدا جێکەوتە بکات ، چونکە ئەو هێزانەی کە ئەمریکا پشتی پێ بەستبوو بۆ ئارام کردنەوەی بارۆدۆخی دوای روخانی ڕژێم هیچ پایەکی کۆمەلایەتی و پێشوازیەکی جەماوەرییان نەبوو ، تاکو بتوانن دەستەلات بەدەستەوە بگرن و کۆنترۆڵی هەلومەرجی سیاسی و ئیداری عێراق بکەن .

ئەمریکا ناچار بوو لەئاستی جیهاندا پەنا بۆ وولاتە زلهێزەکانی وەك ڕووسیا ، فەرەنسا و چین بەرێت . لەناوخۆی عێراقیشدا لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکان لەبابەتی جەماعەتی عبدالعزیز حکیم و سیستانی و دواتریش موقتەدادا صەدر ڕێك بکەوێت و حکومەتی " دیموکراتی ئیسلامی " لەداهاتووی عێراقدا پاش هەڵبژاردن پێك بهێنێت .

ئەمریکا ئێستا زۆر بەئاشکرا لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکان خەریکی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقن ، کە لەئەنجامیدا حکومەتێك بەناوی حکومەتی " دیموکراتی ئیسلامی " پێکبهێنێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پاشەکشە بەهێزە ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان بکات و لەمەیدانی سیاسیدا شکستیان پێ بهێنێت .

ئەگەر حکومەتێك پێشتر لەلایەن ئەمریکاو هێزە سیاسیەکانی عێراق لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەی ، خێڵەکی ئامادە کرابێت ، دەبێت هەڵبژاردن چی کاریگەریەکی هەبێت کە ئەو هەموو پڕوپاگەندە زۆرەی بۆ دەکەن .

ئەگەر هەڵبژاردنێك دەورونەخشی نەبێت لەسەر چارەنووسی خەڵکی عێراق بۆ بەدەست هێنانی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ، دەبێت بۆ خەڵکی عێراق چەند جێگەی بایەخ بێت . ئەو هەڵبژاردنەی کە خەریکە لە داهاتوودا بەڕێوەی دەبەن ، تەنانەت ئەگەر بەپێ پێوانەکانی دیموکراسی غەربیش بێت ، زیاتر گەمەیەکی سیاسیە ، چونکە بەهیچ شێوەیەك دەورو نەخشی خەڵکی تێدا نابێت .

لەدەورەی ڕابردوودا دەبینین هەموو ئاڵوگۆڕ و سات و سەودایەك کە لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقدا رووی داوە ، هەمووی لەپشتی پەردەوە بووە و بەهیچ شێوەیەك خەڵی عێراقی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە ، بۆ خەڵك خوازیاری ئاڵوگۆڕی ڕیشەی‌یە دەیەوێت هەڵبژاردن لەهەلومەرج و کەش و هەوایکی سیاسی ئازاددا بەڕێوە بچێت ، تاکو لەسەر ئایندە و چارەنووسی سیاسی خۆیان بڕیار بدەن و کۆتای بەو زوڵم و ستەمە بێنن کە لەلایەن نیزام سەرمایەداری و هێزە کۆنەپەرستەکانەوە بەسەریاندا سەپێنراوە .

بێگومان لەئێستادا خەڵکی عێراق خوازیاری کۆتای هاتنە بەو هەلومەرجە سەختەی کەبەسەریدا هاتووە و دەستەبەر بوونی دەستەلاتێکی علمانی غەیرە قەومی و دینیە ، بۆیە بۆ دەستەبەر بوون لەوداخوازیانە عێراق وەك وولاتێك پێویستی بە ئاڵوگۆڕی ڕیشەی ئابووری و سیاسی هەیە ، چونکە بەبێ ئەو ئاڵوگۆڕانە کێشەکانی خەڵکی عێراق وەبەتایبەت چینی کرێکار چارەسەر نابن .

لەڕابردوودا بەهۆی نیزامی سەرمایەداری و دەستەلاتێکی دڕندە و دیکتاتۆری وەك بەعس کە بۆ چەندین ساڵ شەرە یەك لەدوای یەکەکان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بۆ ماوەی 12 ساڵ بەسەر خەڵکی ئەو وولاتەدا سەپێنران، وەداگیر کردنی ئەو وولاتە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە ، هەلومەرجی گۆزەران و ژیانی خەڵکی ئەو وولاتەی تاریك تر کرد ، وەبووە مایەی زیاتر بوونی ڕادەی نابەرابەری ئابووری و زەمینە خۆش کردن بۆ گەشە کردنی هێزە کۆنەپەرستەکان .

بۆیە ئەکرێت بپرسین ئایە حکومەتی داهاتووی عێراق ئەگەر لەڕێگەی هەڵبژاردنیشەوە بێتە سەر کار دەتوانێ وەڵام بەو پێداویستیانەی خەڵکی عێراق ئەو هەموو نابەرابەریە ئابووریە بداتەوە کە خەڵکی عێراق دەرگیری بوونە . ئایە ئەو حکومەتە مافی یەکسانی بوونی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و نەتەوە و دین بەڕەسمی دەناسێت ، ئایە خەڵکی بەهۆی جیاوازی دین و نەتەوە و ڕەگەز دەستدرێژی ناکرێتە سەر ، ئایە ئازادی ڕێکخراو بوون و پێکهێنانی سەندیکاو ڕیکخراوە کۆمۆنیستیەکان بەڕەسمی دەناسرێت و ڕێگریان بۆ درووست ناکرێت ، بیمە کۆمەلایەتیەکان لەچەشنی بیمەی بێ کاری و هتد .... بۆ خەڵکی ئەو وولاتە دابین دەکرێن ، ئەو ئازادیە بەخەڵکی کوردستان دەدرێت کە بەشێوەیەکی ئازادانە مافی چارەنووسی سیاسی خۆی دیاری بکات ، ئایە دین لەدەوڵەت جیا دەبێتەوە و دەبێتە شتێکی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگا ئەگەر پێی خۆش دینی هەبێت ، یان بەپێچەوانەوە ، مەسەلەی بێ خانەو لانی و کێشەی نیشتەجی بوون و دابین کردنی شێونێکی شیاو بۆ گوزەران کردن چەند دەبێتە یەکێك لەسەر قاڵیەکانی ئەو حکومەتە، مەسەلەی خوێندن و کەم دەرامەتی ئەو خانەوادانەی کە مناڵەکانیان لەقوتابخانە دەردەکەن چی بەسەر دێت ، ئایە ژنان لەمەیدانی سیاسی و ئابووریدا وەکو یەك چاو لێ دەکرێن وەئەگەر ژنێك بیەوێت

لەهاوسەرەکەی جیاببێتەوە ئەو حکومەتە کۆمەکی ئابووری دەکات ، یان بەپێچەوانەوە دەبێت هەر کۆیلەی پیاوەکەی بێت. ڕاستیەکەی وەڵامی ئەمانە و چەندین پرسیاری تر ئەوە دیاری دەکەن کە حکومەتی" هەڵبژێردراوی" ئایندە چەند دەتوانێت نێونەرایەتی خەڵکی عێراق بکات . وەڕۆشنە تاکە ڕێگە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە ئاڵوگۆڕی ڕیشەی‌یە لەنیزامی سیاسی و ئابووری ئەو وولاّتەدا .